


# نادیە یاسین: بۆ ئەوەی زانستییانە تر خزمەتی هونەری کوردی بکەم مۆسیقا دەخوێنم . .

**نادیە ئەو هونەرمەندە ناسکەی بەسەدای غەریبی خۆی ئازارەکانی دوور وڵاتی بەبا دەدات، نادیە دەیەوێت لەژێی دەنگ و سۆزی ئاوازەوە یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی و ساتەکانی گەمەکانی زارۆکیەتی خۆی لە کۆڵانەکانی سێتاقاندا بکاتەوە.**

**ئەو.. وەک مەلێکی لانەوازی دوای هێلانە.. لە هەولێرەوە بۆ ئێران و پاشان سوید و ئێستاش کەنەدا.. مرۆڤێک لە غەریبی و سەفەر و سۆز..**

**لە ماڵپەری تایبەتی نادیەدا گوێبیستی سیدییە تازەکەی بووم و بیرۆکەی ئەم دیمانەیەم لەلا گەڵاڵە بوو، کاتێک پرسیارەکانم بۆ رەوانە کرد.. بە سوپاسەوە پاش ماوەیەکی کەم وەڵامەکانی بۆ ناردمەوە..**

**دیمانە: نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

*** تۆ بویتەتە بەشێک لە سەفەر و سەفەریش هەمیشە هاورێتە، ئەمە خولیایە یان چارەنووس؟**

– من لە گەڕەکی سێتاقان لە پیرە هەولێر لە دایک بووم، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا من ئەو دەم منداڵ بووم چوینە ئێران و ماوەیەک دوای ئەوە بەخێزانەوە لە سوید مافی پەنابەریمان درایە، پاش چوار ساڵ مانەوە لە سوید ساڵی ١٩٩٠ رومان لە کەنەدا کرد و لە شاری (تۆرنتۆ)ی سەر بە پارێزگای (ئانتاریو) گیرساینەوە ئەمە سوڕی ژیانی مرۆڤێکە بە هەمیشەیی سەمەندەر و ئاوارە و گەڕیدەیە، کەواتە ئەمە چارەنووس بوو نەک ئارەزوو.

*** یەکێک لەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی تێکەڵاوبوون بە کەلتوری بیانی بەتایبەت بۆ منداڵان لە رێگەی خوێندنەوەیە، ئێوە خوێندنتان بە کوێ گەیاند؟**

– من خوێندنی سەرەتاییم لە سوید و بەشێکی لە کەنەدا تەواو کرد و ئیدی پاش کۆتایی قۆناغەکانی تری خوێندن چومە زانکۆی (جۆرج براون) بەشی ئابووری و بازرگانیم تەواو کردو و لە زانکۆی (تۆرنتۆ-UFT) درێژەم بە خوێندن دا..

دیارە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی تێکەڵاوبوونمان بوو بە کەلتووری ئەوروپی و ئەمەریکییەکان.

*** ئەی لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا؟**

– من هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی گۆرانیم هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ژیانم لە کەنەدا بە سەربردووە نەمتوانیوە ئاشنای گۆرانی و مۆسیقای کوردی ببم، زۆر حەزم لە مۆسیقای رۆژئاوا کردووە و لەو ناوەدا حەزم لە دەنگ و مۆسیقای گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکی (ئەلویس پرەسلی) بووە. بەڵام هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت من ئاشنای مۆسیقا و گۆرانی نەتەوەکەم بم و ئەو خەونەشم لە ساڵی ١٩٩٨ هاتەدی..

*** ئەودەم خەون بوو، بەڵام ئەمڕۆ واقعە ئەگەر زیاتر لەسەر ئەو ئاشنابوونە بۆمان باس بکەیت؟**

– ئێمەش وەک ئەو هەزارەها پەنابەر و جالییە کوردییە هەمیشە هەوڵی پاراستنی کەلتوور و زمانی خۆمان داوە، بەڵام دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون بۆ من تا بتوانم تێکەڵاوی مۆسیقا و گۆرانی کوردی ببم لەوانەش.

١- بەشداربوون لە زۆربەی بەرنامە و کۆنسێرتە کوردییەکان و گوێگرتن لە مۆسیقای کوردی هەستێکی تایبەتی لە ناخمدا دروست کرد.

٢- ئاشنابوونم بە هاوسەری ژیانم (عەلی حەربی) کە ئەو پێش من ئاشنای گۆرانی و مۆسیقای کوردی بوو، ئەوەش بووە هاوکار و هاندەرم..

لەو ماوەیەدا لە کەنەدا و ئەمەریکا لە بۆنە نەتەوەییەکاندا زۆر ئاهەنگ و کۆنسێرتم لە شارەکاندا گێڕاوە.

*** دوای ئەوەی خەونەکەت بوو بە واقع بەرهەمی ئەو واقیعە چییە؟**

– بەرهەمی سێ ساڵ هەوڵدانم بریتییە لە CDیەک بەناوی (تۆم لەبیرە) کە شەش گۆرانی کوردی لەخۆ دەگرێت و یەک گۆرانی ئینگلیزی و بەنیازم هەندێک لە گۆرانییەکانم کلیپ بکەم..

*** دوا پرۆژەتان؟**

– بەنیازم بەشێوەیەکی زانستییانە مۆسیقا بخوێنم بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی بکەم.

*** دوا وتەتان؟**

– سوپاس بۆ ئێوە و سەرکەوتوو بن..

